# گفتوگۆیەک لەگەڵ هاوڕێ شوان شێخانی سکرتێری پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان

ئا: دلێر سەباح

*** پێت وایە هەل و مەرجی ئێستای عێراق و ناوچەکە لەباربێت بۆ هەڵبژاردن ؟**

- پێشەکی سوپاستان دەکەم کە دەرفەتێکی واتان بۆ رەخساندم، دیارە ئێمە وەك پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان لەربارەی هەڵبژاردن رای خۆمان دەربڕیو لە بیرۆی سیاسی بەیانێکمان بڵاوکردەوە، ئێستاش بە کورتی دەتوانم ئەوە دەستنیشان بکەم کە بەرای ئێمە هەڵبژاردن زەمینەی لەباری نەبووە لە کوردستانو عێراقیشدا، هۆکارەکانیش دەتوانین لە چەند خاڵێکدا چڕ بکەینەوە:

**یەکەمیان:** یەکنەگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی کوردستان کە مایەی نیگەرانیەکی زۆرە لای ئێمەو هەموو خەڵکی کوردستان، دیارە گومانی تێدا نییە کە ئەگەر ئەو دوو ئیدارەیە یەکیان بگرتبوایەوە کارەکانی هەڵبژاردن ئاسانتر دەبوون.

**دووەمیان:** سەرژمێر نەکردنی خەڵکی کوردستان.

**سێیەم:** ئاسایی نەبوونەوەی ناوچە بە عەرەب کراوەکانی کوردستان کەوا ماوەی ساڵو نیوێك زیاتر بەسەر رووخانی رژێمی بەعسدا تێپەر دەبێ کەچی جێگەی نیگەرانیو نارەحەتی هەموو لایەکمانە تا ئێستاکەش دوای نەمانی ئەو رژێمە شوێنەواری بە عەرەبو تەبعیس کردن لە کوردستان هەرماوە ، ئەوە جێگەی نارەزایی یە.

کۆمەڵێ هۆکاری تر هەنە پێمان وابوو بەستانەوەی هەڵەیەکی گەورەیە، نادروستر ئەوەیە هەڵبژاردن لە کوردستان ببەسترێتەوە بە هەڵبژاردنەکانی عێراق، هەڵبژاردنێکی سەرانسەری دیارە بە بۆچوونی ئێمە وەکو پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان کارێکی خراپەو ئەوەیە کە ئێمە بەدەستی خۆمان کوردستان تەسلیمی عێراق بکەینەوە، کە عەرەبو وڵاتی عیراق بەیەك جارەکی کۆتایی پێهاتووەو دارماوە، بەڵام ئێمە بە دەستی خۆمان تەسلیممان کردەوە نیشاماندا کە یەکێتی خاکی عێراق، یەکێتی نەتەوە، یەکێتی گەلی عیراق یەکپارچەیەو هیچ مەبەستێکی تێدانییە.

*** بەلام پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان لەگەڵ نالەباری بارودۆخی ناوچەکە ئامادەیی بۆ هەڵبژاردن هەبوو؟**

- راستە ئێمە بە راشکاوی ئەو تێبینیانەی کە ئێستا باسمکرد بە بەیانو راگەیاندیش بڵاومان کردەوە لە رۆژنامەی رزگاریش کە زمانحاڵی پارتمانە ئەو تێبینیانەمان بڵاو کردەوە شتێك نیە شاردراوەبێ، بەڵام لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتیمان بەرلەماوەیێك بریاردرا لەبەر چەند هۆکارێك بەشداری لە هەڵبژاردن بکەین یەك لەوانە کەوا پێمان نەڵێن پارتێکن بڕواتان بە پرۆسەی هەڵبژاردن نییە، بۆ ئەوەی دەنگی ئێمە نەچێتە ئاشی ناحەزانمان ئەوانەی تیرۆرستو دژی دیموکراسیو ئەو پرۆسەیەی لە عیراق دەسی پێکردووە، دیارە ئەو تێبینیانەی ئێمە پێم خۆشە ئەوە لێرە بڵێم مانای ئەوەنییە کە ئێمە دژ بەو پرۆسەیەینە کە پرۆسەی دیموکراسیە لە عیراق، بەڵکە ئێمە خۆمان لە هەموو کوردێکی کوردستانیو عیراقیش بە لە دیموکراسی تر دەزانین پێشمان وایە دەبێ کێشەکان بە شێوەیەکی دیموکراسیانە گفتوگۆ چارەسەر بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دیارە لایەنی بەرانبەر لە دوای نەمانی رژێمیش ئەوەی قەبوڵ نەبووە چارەسەری ئەو کێشانە بکرێت وەکو گوتم کێشەی بە عەرەبکردنو زۆر کێشەی ترمان هەیە، یاسای دەوڵەتو کۆمەڵی کێشەیتر هەن ئەوانە چارەسەر نەکراینە، کۆمەڵێکی تریش هەنە وەکو پێویستە ئێمە باسی لێوە بکرێت مەسەلەی تایبەتی حیزبی خۆمانو بارودۆخی تایبەتی پارتەکەمان پێمان باشبوو بەشداری بکەین. تێبینیەکانمان بە ئاشکرا لەلایەك بە خەڵك گوت لەگەڵ ئەوەش ئامادەیی خۆمان نیشاندا کە بەشداری هەڵبژاردن بکەین بۆ ئەوەی چی لە توانامان هەبێ بۆ چاکردن بە لای کەمی بۆ یەکگرتنی گوتاری کوردو پارچە نەبوونی بریاری بەشداریماندا.

*** لەگەڵ ئەوەی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان مەرجە یاساییەکان یاخود بڵێین بنەما یاساییەکانی بەدی هێنا ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ هەڵبژاردن وەکو هەر کیانێکی سیاسی کە لە عیراقو ناوچەکەدا هەن بۆچی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان بەشداری لەو هەڵبژاردنە نەکرد کەوا ئێستا ئەنجام دەدرێ؟**

- ئێمە بەشداریمان کرد بە شێوەیەکی یاسایی بە پێی ئەو داواکارییەی کەوا کۆمسیۆنی باڵا لە بەغدا داوای دەکاو یاسایەکی بۆ هەڵبژاردن دارشتووە هەموو مەرجەکانمان بە پێی پێویست جێبەجێکرد، لەوانە ئەو برە پارەی کە پێویست بوو بدرێو ناوەکانو بەرنامەو پۆرگرام شتەکانی تر بە عەرەبی تەسلیمیان بکرێتو.... هەرچی ئەوان داوایان لە ئێمەکرد داواکاری بون جێبەجێمان کردن، بەڵام دوای ماوەیەك کە پێویستبوو وەڵام بدرێینەوە وەکو کیانێکی فەرمی دان پیابنرێت لە بری ئەو وەڵامەیە بەنامەیەکی فەرمی ئاگادار کراینەوە کە ئێوە پارتێکی جوداخوازن و دەبێ ناوی پارتەکەتان بگۆڕنو لە بەرنامەو پرۆگرامیشتان زۆر باسی تێدا هەیە، ئێوە داوای دەوڵەتی کوردیو سەربەخۆیی وڵات دەکەن. ئەوە بووە جێگای نیگەرانیمان لەوەدا وە پێشبینی ئەوەشمان دەکردو لاریمان لەو مەسەلەیەو نیەو شەرمیشمان پێنییە کە پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان پارتێکی کوردستانینە داوای دەوڵەتێکی کوردستانی دەکەین داوای کیانی سەربەخۆی کوردستان دەکەین، لەبەر ئەوە کێشەی کورد بە کێشەیەکی مردوو دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی دەوڵەتی خۆی هەبێتو کیانی سیاسی خۆی نەبێ بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەی بروامان هەیە وەکو مەسەلەیەکی ستراتیژی بۆ گەلی کوردستان کە دەوڵەت تاکە چارەسەرە بۆ کورد لەگەڵ گوتاری یەکگرتووی کورد بۆ مەسەلەی فیدرالی، ئێمە فیدرالیزم وەك هەنگاوێك یا بەردە بازێك بۆ پەرینەوەی بۆ دەوڵەتو سەربەخۆیی قبووڵمانە بەڵام دیارە ئەوان، ناحەزان بیرو بۆچوونی شۆڤێنیو پاشماوەی بەعسو دارو دەستەکانی لە بەغدا لەدوای نەمانی سەدامیش ئەوەیان قبووڵ نییەو پەسەندی ناکەنو پێمان رەوانابینن کە بەرنامەکەمان باس لە سەربەخۆییو دەوڵەتی کوردی یا دەوڵەتێکی کوردستانی بکرێ، کەچی ئەوە دیارە لە هەموو بەندو بندودەکانی لە (نەتەوەیەکگرتووەکان) یا خۆ لەمافی مرۆڤو لە هەموو قانوونێکی دەولی هەیە کەهەر نەتەوەیێك بە شێوەیەکی ئاسایی مافی کیانی دەوڵەتی خۆی هەیە ئەگەر بێتو رژێمی دیکتاتۆری شۆڤێنی دەسلاتێك خۆی بەسەردا نەسەپێنێ بەسەریدا. بەڵام دیارە ئەوانە نەك هەر بۆچوونی ئێمەی کوردستانی قبووڵ ناکەن، بەڵکو دژ بە هەموو یاسایێکی نێو دەوڵەتینو دژی هەموو مافێکی دیموکراسیشن بەوە وەڵامیان داینەوە کە ئێوە حیزبێکی جیاخوازن نابێ بەشداریبکەنو دەبێ ناوتان بگۆڕن.

*** هەڵوێستی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان بەرامبەر کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەکرێ پێمان بڵێی بەچ شێوەزارێك بوو؟**

- هەڵوێستی ئەوان وەکو گوتم بە نامەیەکی فەرمی ئاگاداریان کردینەوە کە دەبێ ناوتانو بەرنامەتان بگۆڕن لەبەر ئەوەی حیزبێکی جیاخوازن. ئێمە نەمان خستە قالبێکی سیاسیەوە لە وەڵامدانەوەی نامەی یەکەم هەوڵماندا بە زمانێکی یاساییو بە زمانی مەنتیق لەگەڵ ئەوانە بدوێینو مامەڵە بکەین بۆیە بە هەوڵی کەسانی یاساناسو پسپۆر لەو بوارەدا توانیمان لە پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان بە زمانی یاسا وەڵامیان بدەینەوە بە عەرەبییەکی سادەو ساکار وەڵامیان داینەوە (مازلنا علی راینا سابق) واتە ئێمە هەر لەسەر رای پێشووی خۆمانین. بۆ جاری دووەمو سێیەمیش هەوڵماندا تووێژ گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین کەچی ئەوان بە زمانێکی زۆر بێ شەرمانە گوتیان بڕوامان بە کوردستانی گەورەو گچکە نییە بڕوامان بە شتێك لەو بابەتە نییەو شتێکی ئەوتۆمان قبووڵ نیە بەڵکو عیراق و یەك عیراقەو کۆمەڵێك لەو بابەتانەیان بە نوێنەرەکەی ئێمە گرتبوو، کە جێگەی نیگەرانیە ، بۆیە سەرکردایەتی پارتی کار بە وەڵامێکی سیاسی بۆ جاری دووەم بە راگەیاندنێکی رەسمیو بە پەیامێکی فەرمی وەڵامی دانەوەو پاشەکشەی لە هەڵبژاردنەکان کرد.

*** پێت وایە کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بێلایەنانە مامەڵە لەگەڵ کیانە سیاسیەکان بکات یاخود بڵێین بڕیارەکانی ئەم کۆمیسۆنە ویستی زۆربەی خەڵکی عیراق بنو یاسایی بنو لەسەر بنەمای دیموکراتیین؟**

- سەد دەرسەد نەخێر نەوەدونۆ ژمارەیانەو وا بزانم تەنها یەك کوردی تێدایە لەو لێژنەیە کوردەکەش دیارە ئاستی رۆشنبیریو هەستی نەتەوایەتی لەوپەری لاوازی دایە، زیاتر کەسێکی کورد زمانی عیراقیە نەك کەسێکی کوردستانی بەرای من کوردستانیەکان بەبێ جیاوازی هەموو ئەوانەی ئەمرۆ لە گۆرەپانی کوردستان باڵا بە دەستن دەبوایە هێزو توانایەکیان هەبوایە بۆ ئەوەی ئەو لێژنەیە لێژنەیەکی کوردستانیش نەبێ، بەڵام کورد دەسەڵاتو توانای خۆی تێدا هەبێ بەشێکی باشوری تێدا بێ کورد، لەو لێژنەیە هەبێ بۆ ئەوەی واقیعی کوردستان حاڵی بن، دەگەرێمەوە سەر وتەکەی خۆم ئەوانە بێلایەن نەبوون ئەگەر ئینتیمای هیچ لایەکیشیان نەبێ لە عەقڵو بۆچوونو بیرکردنەوەیان شۆڤێنی عەرەبن کەسایەتیەکن بڕوایان بە کوردو کوردستان نیە بڕوایان بە بچوکترین مافی نەتەوایەتی ئێمە نیە ئەوەش بەڵگەی زیندووە نەك هەر خەڵکێك تاوانبار بکەینو پێمان بڵێن ئەوانە نەژاد پەرستنو ئەوانە جیاواز خوازن نەخێر بەڵگەو دیکۆمێنت مان هەیە کە ئەوانە شۆڤێنیو نا دیموکراسینەو بروایان بە پرۆسەی دیموکراتی نیە، دەتوانم نموونەیەکی سادە بێنم پارتێکی وەکو (پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان) بخوازێ کێشەی کوردو کێشەی کوردستان لە رێگای سندوقەوە چارەسەر بکات لە رێگای دەنگدان لە پرۆسەیەکی دیموکراسی داوا بکات ئەگەر خەڵکانێك بێ لەو مافەی قەدەغەی بکەن دەبێ ئەوانە چەند شۆڤێنی بن، ئەوانە شۆڤێنەتیان تاکو سەر ئێسقانە ئەوانە خەڵکی بێلایەن نینە ئەگەر ئینتیمای حزبیشیان نەبێ. جێگای نیگەرانیە کە هێزە کوردستانیەکانیش ئەوەیان قبوڵکرد کە ئەو لێژنەیە بەو شێوەیە بمێنێتەوە دیارە هەر ئێمەش نەبووینە کەسایەتی تری سیاسی پارتی تری عیراقیش بێلایەنی ئەوانەیان رەتکردەوە، وەکو لێژنە جگە لە مەسەلەی بارودۆخی عیراق.

***هیوادارم ئەو لایەنە کوردیانەی ئێستا لە ململانێی هەڵبژاردندا، لەسەر ئاستی عیراق، پێت وایە بتوانین لە دوای هەڵبژاردن خزمەت بە کێشەی کورد بکەنو مافەکانی گەلی کورد بە دەست بێنن؟**

- مافی گەلی کورد بە دەست بێنن دیارە هەر پارتو لایەنێکی سیاسی بیرو بۆچوونی جیاوازی خۆی هەیە دەربارەی پارتێکی تر ئەگەر هەموومان هەمان دیدو بۆچوونمان هەبوایە دەبووین بەیەك پارتی سیاسی ئێمە پێمان وایە دەتوانن شتێك بکەن، بەڵام بە بۆچوونی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان ئەگەر تەماشای مەسەلەکە بکەین دەتوانم بڵێم سەرجەمی هێزی سیاسیو خیتابی سیاسی کورد بەرامبەر عێراق، گوتارێکی عیراقیە لەبەر ئەوە ئەو سیاسەتە عیراقیەو یەکێتی خاکی عیراقە، وەکو پارت دەتوانم بڵێین رەتی دەکەینەوەو لەگەڵیشیدا نینە بۆچوونی جیاوازمان هەیە دەربارەی زۆر مەسەلەی گرینگ لە عیراقوکوردستان لەوانە ئێمە پێمان وانیە کێشەی کورد بە دیموکراسی چارەسەر بکرێت، پێمان وانیە کورد دەبێ چاوەڕوان بکات ئاڵ سەدرو ئاڵ عەلاویو ئاڵ بەعسیەکانو پاشماوەی بەعسو شیعە گەرییەکانو ئاڵ زەرقاوی هەموویان بن بە دیموکراسیو ئینجا کێشەی کورد چارەسەر بکرێت. ئەمە کارێکی زۆر خراپە. ئێمە ئەگەر ئەو مەسەلەیە زۆر بە گرینگ وەربگرین کێشەی کورد بە دیموکراسیەت چارەسەر بکرێت خۆ دەبوایە بەرلەوە بیر لە عیراقو گۆڕینی کۆمەڵگای عیراقیو عەرەب بکەینەوە بگۆڕین بە کۆمەڵگایەکی دیموکراسی بیرمان لەوە بکربایەوە کە کۆمەڵگای کوردەواریو کوردستان لەوەی کە ئێستا باسم کرد راستە لاریمان نیە، دیموکراسی تێدا هەیە بەڵام زیاتر بوبایە بە کۆمەڵگایەکی دیموکراسی زیاتر دیمەکراسی قاڵ ببوایەوە، لەناو ئێسقانو خوێنی هەموو مرۆڤێکی کوردستانی بۆ ئەوەی کەس لاری نەبوایە ئەگەر باسی ئاسەوراو شتی نا دیموکراسی بکەین لە کوردستان، جا ئەگەر کوردستانێك بە دیموکراسی نەکرێ بڕواناکەم بیر لەوە بکەینەوە عیراق بە دیموکراسی بکەین کەوا سیو پێنج ساڵ لەلایەن رژێمێکی دیکتاتۆری بە ئاگرو ئاسن چەوسێنراوەتەوەو لێی دراوە چەندان نەوەی یەك لەدوای یەك بە عەقڵو بۆچوونی حیزبی بەعسو دەسەڵاتی دیکتاتۆری بەعس پەروەردە بووە ئێستاکە پێشبینی ئەوە بکەین بە دیموکراسی دەبێت، بە دیموکراسی بوون زۆر زەحمەتە دیارە بۆچونی تریش هەیە کە ئێمە رەفزی دەکەینەوە لەوانە پێمان خۆش نەبوو سەرجەم پرۆژەی کوردو کوردستان بە ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی دابنرێ ئێمە کێشەکەمان لە بنەڕەتدا جیاوازە کێشەی ئێمە کێشەیەکی نەتەوەیی نیشتمانیە. بەڵام گەلی عیراقی یان ئۆپۆزیسیۆن لە عیراق یا خەڵکی جیاوازو بیرو بۆچوونی جیاواز کێشەیەکی دیموکراسیان هەیە دەیانەوێ کێشەکان بە رێگایەکی دیموکراسیانە چارەسەر بکەن، واتە لە ئیسلامی بیکا بە شیوعیو لە شیوعی بیکا بە سەرمایەدارو هەرچۆن بیر دەکەینەوە خەڵك خۆیان ئازادن لە جۆری بیرکردنەوە، بەڵام سەرجەمیان پێی دەگوترێ پرۆسەی دیموکراسی کردن نەك کێشەی نەتەوایەتی عەرەب، کێشەی نەتەوایەتی نیە بەڵکو ئێمە وەکو کورد لە کوردستان کێشەیەکی نەتەوایەتیمان هەیە نەدەبوایە کێشەی کورد وەك ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی سەیر بکرێت.

*** پێت وایە عیراقی دوای هەڵبژاردن مافی کوردی تیا بدرێ، یاخۆ رونتربڵێین کەرکوكو ناوچە تەعریب کراوەکانی تری کوردی دەدرێتەوە پاڵ کوردستان؟**

- ئەم پرسیارە زۆر زەحمەتە من وەڵام بدەمەوە بە بەڵێ یان نەخێر، بە تێروانینی من دەبێت وابێ ئەگەر نا یاسا هەڵەیە. ئەگەرنا کورد خەباتی خۆی بەردەوام دەکا ( پێم وایەو گەشبینیشم لەو وتەیەم) مەرج نیە کام پارتو کام دەسەڵات پیادەی ئەو سیاسەتە دەکا ئەوە بۆمن گرینگ نیە، بەڵام بۆمن گرینگەو دەزانمو دڵنیاشم کورد بەردەوام دەبێ لە خەباتی سیاسی خۆیدا بۆ گەرانەوەی هەموو ناوچە تەعریب کراوەکان بۆ سەر کوردستانو حکومەتەکەی.

*** هاورێ شوان ئێستا لایەنێك هەیە بە ناوی پارتی کار بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دەکاو خۆی بە خاوەنی بیری سەربەخۆ خوازی دەزانێ، تا چەند کۆکن لەگەڵ ئەو لایەنەو بانگەشەکانی؟**

- من نیگەرانم بەرلە هەموو شتێك دوو هێز لەیەك وڵاتدا بەیەك ناو یا ئەوەتا شێوەیەکی جیاوازی هەبێ. ئەگەر بێت تێڕوانینێکی باشمان هەبێ بۆ بارودۆخی کوردستان، دیارە بارودۆخێکی نا دیموکراسی یان سیاسەتێکی نارێك هەیە، بە ناوێك دووپارت دوو بەرنامە هەبێ لە دوو فۆرمی جیاوازدا من ناتوانم هەموو وردەکاریەکانی ئەمە بڵێم بەڵام لێی نیگەرانم وەکو هەموو هاوڵاتیەك ئەوەندەی کە دەتوانم بڵێم ئەوانە پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان نینە لەگەڵ ئێمەی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستاندا بەشێك بونو جیابوونەوە، بەرنامەی تایبەتی خۆیان هەیە ،چەندی بانگەشە بۆ سەربەخۆیی خۆیاندەکەن یان هەر شتێك دەکەن دیارە ئێمە ئەو مافە بە خەڵك نادەین دیموکراسی بێ یان نا دیموکراسیو سەربەخۆیی بێ یان ناسەربەخۆیی. وە لەژیانی سیاسیو گۆڕەپانی سیاسی دەیسەلمێنێ ئەوانە چەندەی دیموکراسینە یان چەندە سەربەخۆخوازن ئەوە خۆیان حوکم دەدەن، بەڵام دەتوانم ئەوەندە بڵێم ئەوانە پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان نینە، باشتریش وابوو لە پەیامەکەیانو راگەیاندنەکانیان بیانگوتبایە پارتی کاری دیموکراتی کوردستان نەك پارتی کار رەنگە ئەوە چەواشەیەك دروست بکا بۆ ئەوەی هاوڵاتی نەتوانێ جیاوازی بکاتەوە، ئەوانەی کاری سەربەخۆخوازن یان کاری دیموکراتن. ئەوان بە هیچ شێوەیەك بەرپرسی مێژووی ئێمە نین واتا مێژووی (پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان) کە ئەوان خۆیان بە فەرمی راگەیاندوە.

*** ئەگەر دووبارە بگەرێینەوە سەر باسی عیراق، ئایا بیرۆکەی دابەش بوونی عیراق بۆ سێ هەرێمی فیدرالی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

- خۆی لە پێکهاتەی عیراقدا لە سێ ویلایەت پێکهاتووە ویلایەتەکان بەسرەو بەغداو مووسڵ بەر لە پێکهێنانی ئەو سێ ویلایەتەو دروست بوونی دەوڵەتی عیراقی بەر لە جەنگی جیهانی یەکەمدا ناوێكو مێژوویەك نەبوە بەناوی مێژووی عیراق واتا مێژووی دەوڵەتی عیراقی زۆر کۆن نیە، لە جەنگی یەکەمی جیهانیو هاتنی ئینگلیزەکانو پێکەوەلکاندنی سێ ویلایەتدا، رەنگە ئەوەش راستیەکی تێدا هەبێ سێ ویلایەت، سێ شتی جیاوازبنو بۆچونی جیاوازیان هەبێ. دوای ئەوەندە ساڵە دوورودرێژە دەوڵەتی عیراقی دروست بوە تا ئێستاکەش ئەو کێشانە هەرماون ویلایەتی بەسرەی شیعەکانو ویلایەتی بەغدای عەرەبە سوننەکانو ویلایەتی مووسڵیش کورد نشین بووە،من پێکهاتەی عیراق بە پێکهاتەیەکی نا دیموکراسی دەزانمو نا ئاساییە، بە زۆرە ملێ دەسەڵاتدارانی ئیستعماری بەریتانی یان لایەنێکی شەڕ لە جەنگی جیهانیدا ئەوەیان دروست کردووەو سەپاندویانە کە پێکەوە بژین وە بەپێی هەندێ یاسای نێو دەوڵەتی هەیە ئەگەر هاتوو ویلایەتی مووسڵ کەوا دەکاتە کوردەکان مافی خۆیان لەو وڵاتە نوێیەدا (واتە عیراق) دەستکەوت نەبوو دەتوانن مافی جیابوونەوەشیان هەیە هەرچەندەئەو خاڵەو یاسایە بووە بە یاسایێکی مردوو کەس باسی لێوە ناکا بەڵام دەیڵێمەوە پێکهاتەیەکی نا ئاسایی بووە دیارە چەندین ساڵە ئەگەر رژێمێکی دیکتاتۆری خوێن رێژی وەك سەدام حوسێن نەبوایە رەنگە ئەوەندەش تەمەنی عیراق درێژ نەبوایەی ئێستاش گومانم لەوە هەیە کە عیراق بتوانێ ئەو سێ کیانە یان ئەو سێ ویلایەتە پێکەوە بەردەوام بێ تاکو سەر، ئەگەر بێتو دیموکراسیەکی تەواو هەبێ پێم وایە شیعەکان دەگەرێنەوە سەر ویلایەتی خۆیانو کوردیش ویلایەتی مووسڵ،ویلایەتی مووسڵ سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێ.دیارە ئەو زەمینەیە لەبار نیە، تاکو ئێستا کە بۆچونی شۆڤێنیەتو عەقڵی شۆڤێنی عەرەب بە تایبەتی سوننەکان کە چەندین ساڵە رەنگدانەوەی دەسەڵاتی سوننەی بەسەرەوە بووە هەر پێیان خۆشبووە بتوانن سەیتەرە لەسەر عێراق بکەنو دەسەلاتی رەها هەر ئەوان بن رەنگە ئەوە ماوەیێکی کاتی دوورودرێژتری بوێ بەڵام ئێستا کەوا پرۆسەی فیدرالی هەیە بۆ ئەو سێ ویلایەتەی کە باسم کرد رەنگە خراپ نەبێ، کارێکی باشە بەڵام دیسان دەگەرێمەوە بۆ سەر پرۆسەی فیدرالی کەوا باست کرد ئیداری بێت نابێ پرۆسەی سێ ویلایەتی فیدرالی بێت بۆ سێ ناوچەی جیاوازی شیعەو سوننەو کورد بە مانای ئەوەبێ هەموومان وەك یەکین. کێشەی ئێمە کێشەیەکی نەتەوایەتیو نیشتمانیە بەڵام کێشەی شیعەو سوننە کێشەیەکی مەزهەبیە کێشەکان جیاوازن ئەوان کێشەی نەتەوایەتیان نیە دەکرێ لەیەك کۆماردا بنو لەیەك بەشیش دابنو یەك فیدرالی بن ئەگەر قبووڵی مەزهەبیان هەبێ لەبەر ئەوەی یەك ئایینو یەك نەتەوەن بەڵام ئێمە لەرووی نەتەوایەتیەوە جیاوازیمان هەیە رەنگە جیاوازێك نەبێ ئەوەش کارێکی دیموکراسیە ئەگە رهەموولا قبوولی بکەن عیراق ببێتە سێ فیدرالی بەڵام دەگەرێمەوە سەر ئەوەی بەو مەرجەی فیدراڵی کوردستان فیدراڵیەکی جوگرافی نەتەوەیی نیشتمانی بێتو سەددەرسەد بنەماکانی ئەو فیدرالیەی لە کوردستاندا پیادە دەکرێ وەکو حکومەتێکی کوردستانی دەبێ جیاوازی هەبێ لەگەڵ فیدرالی مەزهەب گەری واتە شیعەیی یان سونەیی.

*** دوای ئەوەی پارتی کاری سەربەخۆیی پەیامێکی راگەیاندو لە هەڵبژاردنەکان کشایەوە ئایا هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی حکومەتی کاتی چیبوو ،هەروەها ئێوە هەڵوێستان چۆن دەبێو ئایا لە هەڵبژاردنەکان دەنگ دەدەن؟**

- ئێمە پەیامی خۆمان داوە، رامانگەیاند بەشداری لە هەڵبژاردن ناکەین، بە راگەینراوێکی فەرمی کشانەوەی خۆمان راگەیاند، حکومەتی کاتی ئەوەی کەوا ئێمە گرێمان لێبوو پێمان گەیشت هەر چەندە بە شێوەیەکی فەرمی نیە، سەرۆکی کۆمار (یاوەر) لە کۆرێکی رۆژنامەوانی گوتی ئێمە هەڵەمان کردووە یان بەرامبەر چەند تەیارێك، یەك لەوانە پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان نەدەبوایە تۆمەتبار بکرێت بە جیاواز خواز پارتی تری ئیسلامیو کەسایەتی تریش هەنە، وەکو نافەرمی ئەوەمان لە حکومەتی کاتی زانیوە، بەڵام شتێکی فەرمیمان پێنەگەیشتووە کە داوای لێبوردن بکەن یابڵێین ئەوە هەڵە بووە، بە شتێك لەو بابەتانە ئێمە پەیامی خۆمان بە زۆربەی سەفارەو قونسڵیەکانی کوردستانو عێراقو جیهان و کەناڵەکانی راگەیاندن ناردووە،خۆشحاڵیش دەبم لێرە سوپاسی تەلەڤزیۆنی کوردستان بکەم کە بە کوردیو عەرەبیو ئینگلیزی بە زۆر شێوازو لە زۆر کاتی جیاواز گرنگیەکی باشی پێداوە، رۆژنامەی خەباتو هی تریش ئێمە دەستخۆشیان لێدەکەین، بۆ ئێمە کارێکی باشبوو دەنگی ئێمەیان گەیاندە ناو جەماوەری کوردستان، بە شێوەی فەرمی هیچ شتێکمان پێنەگەیشتووە. ئێمە دەنگ نادەین، تەنها دەنگ دەدەین بە لیستی کورد بۆ پەرلەمانی عیراق ئەوانەی تریش هاورێیان ئازادن دەنگ دەدەن بەکێ ئەگەر شتێکی تایبەتیشمان هەبێ ئێمە لە رێگای سەرکردایەتیەوە بە هاورێیانی خۆمانمان راگەیاندوە، هاورێیانیش ئازادن لە دەنگدانی خۆیان.

*** واتە بە شێوازیکی فەرمی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان تەنها لە هەڵبژاردنەکانی عیراق دەنگ دەداتە لیستی کوردو لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانو لە شارەوانی بەشداری نیە بەڵام کادیران وەکو تاك ئازادن.**

- بەڵێ دروستە.

